فەزڵ وپاداشتی نوێژێک کە بە کۆمەڵ (بە جەماعەت) ئەنجامبدرێت بیست وپێنج هێندەی نوێژی یەکێکتانە بە تەنها، وفریشتەکانی شەو وفریشتەکانی ڕۆژ کۆدەبنەوە لە نوێژی بەیانیدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «فەزڵ وپاداشتی نوێژێک کە بە کۆمەڵ (بە جەماعەت) ئەنجامبدرێت بیست وپێنج هێندەی نوێژی یەکێکتانە بە تەنها، وفریشتەکانی شەو وفریشتەکانی ڕۆژ کۆدەبنەوە لە نوێژی بەیانیدا»، پاشان ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەم ئایەتە بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: ﴿إِنَّ قُرْآنَ الفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ [الإسراء: 78] واتە: ﴿بەڕاستی قورئان خوێندنی نوێژی بەیانی هەمیشە دەبینرێت وشاهێدی لەسەر دەدرێت (لەلایەن فریشتەکانی شەو وڕۆژەوە).﴾

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە پاداشتی ئەنجامدانی نوێژی کۆمەڵ بۆ پیاو لەگەڵ ئیمامدا؛ بیست وپێنج هێندەی پاداشتی نوێژ کردنیەتی بە تاك لە ماڵەوە یان لە دوکانەکەیدا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە فریشتەکانی شەو وڕۆژ کۆدەبنەوە لە نوێژی بەیانیدا، دواتر ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم ئایەتەی وەکو بەڵگەیەك هێنایەوە لەسەر ئەم باسە، ووتی: بخوێننەوە ئەگەر ویستتان: ﴿إِنَّ قُرْآنَ الفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ واتە: ﴿بەڕاستی قورئان خوێندنی نوێژی بەیانی هەمیشە دەبینرێت وشاهێدی لەسەر دەدرێت (لەلایەن فریشتەکانی شەو وڕۆژەوە)﴾. [الإسراء: 78]، واتا: نوێژی بەیانی فریشتەکانی شەو وڕۆژ ئامادەی دەبن وشاهێدی لەسەر دەدەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11286